# لەیادی سەرکردە ئازادهەورامی وبەکرعەلی شاعیردا

## شۆڕش حەمە

ڕۆژگارەکانی رابووردومان پڕن لەسەروەری وشکست،جوامێری ونامەردی شەهیدی خۆبەخش وپیاوی خۆفرۆش،وای لەرۆژگارە تێك ئالاوەکانی مێژوو؟وای لەدەردی میللەتی من لەکوێوە دەست پێبکەین؟ چ بۆیادی ئێوە بنوسم راستی بڵێم یان موجامەلەوریاکاری ؟خۆم بخەمە بەرهەڕەشەی مەرگ یان سەرشۆڕانە بژیم ووەك هونەرمەندە موهەریجەکانی رۆژگار خۆم بکەم بەمەهزەلە؟لەمەرگی کامتانەوە هەناسەبدەم لەژیانی کامتانەوە ستایشی ژیانبکەم؟ئێوە دوو تێکۆشەرودوو قوربانیێ تەواو ناکۆك وتەواویش لەیەك چوو!!ئازادی سەرکردە هەموومان دەزانین تەنانەت دووژمنەکانیش دەیانزانی تۆچ قارەمانێکی گەورەوچ مرۆڤێکی خۆبەخش بوویت،تۆش ئەی شاعیرەکوژراوەکەی دەستی شۆرشگێڕە درۆزنەکان تۆتەنها لەبەرئەوەی داکۆکیت لەکۆڵیتێك کردتیایدا بحەوێیتەوە خەڵتانی خوێن کرای گوناهت چی بوو؟بیرمە کەلەهێرشی ئەنفالە پیسەکانی وولاتی منوئایەتەپیرۆزەکەی شۆفێنیزمدا سەگێك تاکەزیندەوەری بەرهەڵستکاربوو لەگوندێکی خاپوورکراودا،ئەم سەگە بووە وەفادارترینی زیندەواران لەئەدەبیاتی ئەوسای کوردیدا شاعیروچیرۆکنوس وقەڵەم بە دەستەکان هەریەکەوبەجۆرێك باسی ئازایەتی ئەوسەگەوسەرشۆڕی ئەنفالچییەکانی دەگێڕایەوە،کەچی تۆبەدەستی سەرکردەیەکی شۆرشگێری کورد!!!تەنها لەبەرئەوەی داوای سەرپەنایەکی ناشایستە بەمرۆڤت دەکرد خەڵتانی خوێن کرایت،ئازادی شەهیدوسەرکردە گویٚ بگرە هاوسەنگەرێکی تۆ کەلەپاش مەرگت نەگەرایەوە سەرتەرمی گیتارەکەشت،لەپاش دەسەلاتی بەعس ئەوبووە سوڵتانی سلێمانی بێئەوەی شەرم لەوەبکات رۆژانێك بووە لەگەڵ تۆی مەرد تۆی شەهید تۆی هونەرمەندی ناوسەنگەر هاوخەبات بووە هەررۆژێك پاش یادی شەهید بوونی تۆ شاعیرێکی رۆح سوك وقەڵەمێکی تەڕولاوێکی بێنازی کردە پێخۆری کورسیەکەی ولەبەردەم باخی گشتی خەڵتانی خوێنی کرد؟!مەگەرئەو سوڵتانەش وەك هەموومان نەیدەزانی تۆ چەندە عاشقی شیعرومۆسیقایت؟مەگەروەك هەموومان نەیدەزانی تۆ چەندە دۆستی ئەهلی قەڵەم بەدەست بووی قەت گوێی لەلەرەی پرلە ئاوازی ئازادی گیتارەکەت نەبووبوو ؟قەت گیتارت بۆ عەزف نەکردبوو؟مەگەرنەیدەزانی کوشتنی شیعروشاعیر کوشتنی مرۆڤ چ ریسواییەکی لەدواوەوەیە ،بەلیٚ کاکی سەرکردە دنیا لەپاش

تۆخەراباتێك بوو بۆخۆی کەچی ناوی ئازادییان لێنا!سالی (٩٦)ڕێك لەرۆژی شەهید بوونتدا هاوسەنگەرە درۆزنەکانت فریای یاد کردنەوەی تۆنەکەوتن، هێرشی دەبابەکانی بەعس وهەرای چاوساغەکانی گەیشتە پەرلەمانی کوردستان ،بەلێ بەلێ مەبەستم ٣١ی ئابە ئەورۆژەی ئازادی تێدا سەربڕدرا ئەورۆژەی کورانی کورد هاوشان لەگەلْ هێزی پاسەوانی کۆماری، کوردیان ئەنفال کرد هاتنە سەرپەرلەمانی کوردستان وشەرمیان لەهیچ نەکرد،ئێستا ئەوانەش وهاوسەنگەرەکانی تۆش نەك رێزلەشاعیروهونەرمەند ناگرن بگرە وەك بەعسیەکان بەئاژاوەگێروغەوغا ناویان دەبەن،لەپاش تۆ تەحسین شاوەیس بووە کورەگەورەی بەرزانی حەمەخانی حاجی دارا بووە شۆرشگێر،سالحی عەبدوللەی موختارەپیسەکەی شۆرجە بووە کوڕە عەزیزەکەی تالەبانی ودەم راستی سەرۆکی حکومەتی کوردی قالە جاف وعەلەلووت ماسی لەهەموو کەس وکارەکەی تۆ پۆشتەتروتیروتەسەل ترن،ناوی کێت بۆبنوسم هاورێی جوانەمەرگم ناوی کێ؟هەرچی ئەنفالچیەکانن ئەمرۆخاوەنی کۆمپانیا وپلەومەقامی گەورەن لەحکومەتی کوردیدا،کەچی کەس وکاری ئەنفالەکان،موحتاجن بەوەی دەولەمەندێکی لادێ بەنانەسکێ بیان بات بۆدەسکەنەی نۆك!!هاورێ ئازاد دەزانی ئەنفال چییە ؟ مەبەستم ئایەتی ئەنفال نیە،ئەنفال ئەوناوە نەگریسەیە کەهەمووکوردی تێدا ئەتك وبێسەروشوێن کرا ئەنفال کورەکانمانی برد بۆ دۆزەخ وکچەکانمانی برد بۆ مەلهاکانی میسر،کەچی هاوسەنگەرەکانی تۆ هەررۆژێك پاش سالیادی شەهید بوونی تۆ لەبری ئەنفالچیەکان شاعیرێکیان کوشت بێ سەرپەنا شاعیرێکیان کوشت دەستی پربوو لەگولْ گەرووی پڕبوو لەگورانی دلی پڕبوو لەخەم بۆئەوە هەژارانەی تۆ گیانی خۆت لەپێناوی بەختەوەریان بەخشی بەلێ هاورێم رۆژی ٩/١رۆژێك پاش یادی مەرگی تۆ مەرگی شاعیرێکمان تۆمارکرد بەلام بەدەستی هاوسەنگەرەکانی تۆبەلێ هاورێم تۆسەرەوەرتری لەسەروەری لەبەرهیچ نا لەبەرئەوەی دەسەلاتی کوردت نەبینی بەناشرینی دەسەلاتی بۆرەپیاوانی ئازادی دەسەلاتی هاورێی کۆنەبەعسیەکان وقەلەم کوژ،دەسەلاتی دیوەخان ویاسا خنکێن.